بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی كوردستانی عێراق
سەرۆكایەتی هەرێم
سەرۆك

**یاسای یەكێتیی پەرلەمانتارانی كوردستان**

به پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی رۆژی (٢٠٠٦/١١/٢٩) ی خۆیدا كردویەتی بریارماندا به دەركردنی:

# یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی /٢٠٠٦
# یاسای یەكێتیی پەرلەمانتارانی كوردستان

## بەشی یەكەم
## دامەزراندن و ئامانجەكان

**ماددەی یەكەم:**

بەپێی ئەم یاسایە، یەكێتی یەكی سەربەخۆ، بۆ پەرلەمانتاران دادەمەزرێ، ناو دەنرێ **یەكێتیی پەرلەمانتارانی كوردستان** و، بارەگەكەی لە هەولێری پایتەخت دا دەبێت و، بۆیشیی هەیە، لق لە پارێزگاكانی هەرێم دا بكاتەوە.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یەكێتییە، كەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی خۆی هەیە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

**یەکێتی ئەمانەی خوارەوە بە ئامانج دەگرێ:-**

**یەکەم:** کاربۆ بەکارخستنی شارەزایی یاسادانەری وفەرهەنگی وزانستی ئەندامانی یەکێتی دەکات بۆ دەڵەمەندکردنی ئەو پرۆژەو پێشنیازانەی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێن وبەشداریش دەکەن لە پەرەپێدانی ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا بەرکارن.

**دووەم:** ئامادەکاری ئەو توێژینەوەو لێکۆلینەوانەی بە کاری پەرلەمانیەوە پەیوەندارن.

**سێیەم:** بلاوکردنەوەی ووشیاری و فەرهەنگی دیموکراسی پەرلەمانی و سەرەتاکانی ماف مرۆڤ.

**چوارەم:** کاربۆ چوونە پاڵی ئەو رێکخراوەو یەکێتیە نێودەوڵەتیانە دەکات کە ئامانجیان هاوشێوەی یەکێتیەکەیە.

**پێنجەم:** کاربۆ بەشداری کردن لە بوار وچالاکیە نێودەوڵەتیەکانی ئەو رێکخراوانە دەکات کە بە کاری پەرلەمانیەوە پەیوەندارن.

**شەشەم:** داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کوردستان لە هەموو بوارە نیشتمانی ونێودەوڵەتیەکاندا.

**حەوتەم:** داکۆکی کردن لە مافەکانی ئەندامان وکارکردن بۆ دامەزراندنی ناوەندە کۆمەڵایەتی وفەرهەنگیەکان بۆیان.

**هەشتەم:** کاربۆ بەگەڕخستنی میکانزمەکانی داکۆکی لە مافە دەستوری ویاساییەکانی هاووڵاتیان دەکات.

## بەشی دووەم
## ئەندامێتی

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** مەرجی ئەندامێتی لەم یەکێتییەدا ئەوەیەکە:

١- هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان بێت، یا نوێنەرایەتی هەرێم بکات لەو پەرلەمانانەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

٢- ئەندامی کار، یان لە خولێ لە خولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراقدا دوای راپەرینەکەی ساڵی (١٩٩١) کاربکات.

٣- ئەندامی کار بێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، یان لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقدا ئەندام بوو بێ، دووای ڕووخانی ڕژێمی لەناوچوو ساڵی ٢٠٠٣ ئەوانەی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم**: ئەندامی یەكێتی، ئەندامییەتی خۆی لەم بارانەی خوارەوەدا لە دەست دەدات:

١ـ ئەگەر دەست لە ئەندامێتیی خۆی هەڵبگرێ و، دەستەی ئیداری لێی قبووڵ كرد بێ.

٢ـ بە تاوانێكی (جەریمەیەكی) شەرەفنەنگێن حوكم بدرێ.

٣ـ ئەگەر لە كارێكی پێچەوانەی ئامانجەكانی یەكێتییەكەوە گلابێ و، لە سەرئەوە، بە بڕیاری دەستەی گشتی، لە ئەندامێتیی یەكێتییەكە دەركرا بێ.

٤– مردن.

## بەشی سێیەم
## دەستەی گشتی وئەركەكانی

**ماددەی پێنجەم:**

دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانە پێك دێ كە پابەندیی خۆیان بەجێ گەیاندووە.

**ماددەی شەشەم:**

**دەستەی گشتی، هەردوو ساڵ جارێ بۆ وەدیهێنانی ئەوەی خوارەوە كۆ دەبێتەوە:ـ**

**یەكەم** : هەڵبژاردنی دەستەی ئیداریی یەكێتی كۆدەبێتەوەو، بە دەنگدانی نهێنی وراستەوخۆو، بەزۆرینەی ئامادە بووان، حەوت ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ دەستەكە هەڵدەبژێرێ.

**دووەم** : تاووتوێ كردنی كاروبارەكانی دەستەی ئیداری.

**سێیەم** : پەسندكردنی بودجەی ساڵانەی یەكێتی كە لەلایەن دەستەی ئیدارییەوە ئامادە كراوە.

**چوارەم**: چاوخشاندنەوە بە كاروباری یەكێتی وئیقراركردنی ئەو پێشنیارانەی كە بۆ هەمواركردنی یاساكە پێشكەشی كراون.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەكەم**: دەستەی گشتی، لە یەكێ لەم بارانەی خوارەوەدا، كۆبوونەوەیەكی نائاسایی سازدەدا:

١ـ بە بڕیاری دەستەی ئیداری.

٢ـ كە (سێیەكی) ئەندامانی دەستەی گشتی، داواكارییەك بدەنە دەستەی ئیداری.

**دووەم**:

١ – بابەتی كۆبوونەوەكە دیار دەكرێ و، ناشێ لە بەرنامە دیار كراوەكەی بترازێ.

٢ – بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەكانی دەستەی گشتی (رێژەی) یاسایی دێتەجێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان

**ماددەی هەشتەم:**

www.mojkurdistan.com

دەستەی ئیداری، لە یەکەم کۆبوونـەوەی خۆیـدا کـە لـە مـاوەی هەفتەیـەکی دوای هەڵبژاردنەکەیـدا، سازی دەدا، سەرۆکێك و جێگری سەرۆك و بەرپرسێکی دارایی لە نێو ئەندامانی خۆیدا هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

**دەستەی ئیداری ئەم ئیش و کارانە دەکات:**

**یەکەم:** داواکانی بە ئەندام بوون بۆ یەکێتی قبولْ دەکا، یان رەتــی دەکاتەوە. هەر کەسێکیش داواکەی قبولْ نەکرا بێ، بۆی هەیە، لە ماوەی(٣٠) سیی رۆژ لە رۆژی دەرچــوونی بریاری قبولْنەکردنەکەوەی، لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تانە لە بڕیارەکە بدات. بڕیاری ئەم دادگایەش کە دوای ئەو تانەلێدانە دەردەچێ، بڕیارێکی بنبڕە.

**دووەم:** پارێزگاری لە سامانی یەکێتییەکە دەکاو، وەدەستیان دێنێ و، لە دارایی بەردەست، خەرجی پێویست ئیقرار دەکاو، بە بـــڕیاری دەستەی ئیدارییش نەبێ، نـــاشێ دەستکاریی سامانی یەکێتییەکە بکرێ.

**سێیەم:** راپۆرتی ساڵانە، لەبارەی بزاڤی یەکێتی و ئیش و کاری یەکێتییەوە ئامادە دەکات.

## بەشی چوارەم
## کاروباری ئیداری

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی یەکێتی یەکە، ئەم ئەرك وفرمانانەی خوارەوە، مومارەسە دەکا:

١ــ ســەرۆکایەتیی کۆبوونــەوەکانی دەســتەی ئیــداری دەکــاو، ئەگــەر خۆیــشی لــەوێ نــەبێ، جێگرەکەی نوێنەرایەتیی دەکا.

٢ــ خـۆی، یـان کەسـێکی دی رادەسـپێرێ، نوێنەرایـەتیی یەکێتییەکـە لـە بـەردەمی دادوەری و لایەنەکانی دیکەدا بکات.

٣ـ مومارەسەی هەموو ئەو سەلاحیاتانە دەکا، کە دەستەی گشتی پێی داوە.

٤ـــ موســتەنەدی پــارەدان و (صــکوك)و رەشنووســی دانیــشتنەکان و نامەونامەکارییــەکانی یەکێتییەکە واژوو دەکات.

٥ـ سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دەکا.

**دووەم:** بەرپرسی دارایی، ئەرکوفرمانی دارایـی یەکێتییەکـە، لـە ئەسـتۆ دەگـرێ و، سەرپەرشـتیی تۆمـار راگرتن (مسك السجلات) دەکاو، لەگـەڵ سـەرۆکی یەکێتییەکەشـدا، (صـکوك) و سـەنەدەکان واژوو دەکات.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان

## بەشی پێنجەم

www.mojkurdistan.com

## دارایی یەکێتییەکە

**ماددەی یانزدەهەم:**

**دارایی یەکێتییەکە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم:** ئابوونەی ساڵانەی ئەندامەکان.

**دووەم:** بەخششەکانی پەرلەمانی کوردستانی عیراق و حکومەتی هەرێمی کورستان.

**سێیەم:** خەڵات و پیتاك (الهبه والتبرعات).

**چوارەم:** قازانجی چاپەمەنییەکانی یەکێتییەکە.

## بەشی شەشەم
## حوکمە کۆتاییيە گشتی یەکان

**ماددەی دوانزدەهەم:**

**یەکەم:** لە حاڵەتی هەڵوەشانەوەی یەکێتییەکەدا، ئەموالی یەکێتییەکە، دەچێتە سەر ئەموالی نزیکترین یەکێتی، ئامانجەکانی لەگەڵیدا هاوشێوە بن.

**دووەم:** لەو حاڵەتانەدا کە دەقێکیان لەم یاسایەدا، لەسەر نەهاتبێ، ئەوە، حوکمەکانی یاسای کارپێکراوی کۆمەڵەکانی بەسەردا دەسەپێ.

**ماددەی سیانزدەهەم:**

دەستەی گشتی بۆی هەیە پێڕەو و ڕێنماییە پێویستەکان دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی چواردەهەم:**

هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، ناخرێتەکار.

**ماددەی پانزدەهەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و، لایەنی پێوەندیدار، حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**ماددەی شانزدەهەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( **وەقایعی کوردستان**)دا دەخرێتەکار.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

هەولێر
٤ / بەفرانبار/ ٢٧٠٦ کـوردی
٢٥ / ١٢ / ٢٠٠٦ زاییـــنی
٥ / ذي القعدة / ١٤٢٧ کۆچی

## – هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە –

لـە پێنـاو کـارکردن بـۆ پـشتگیری کردنـی گـەلی کوردسـتان و بـەرگری کـردن لـە مافـە ڕەواکـانی بـە هۆکارەکانی ئاشتی و دیموکراتی و دانانی پـسپۆرایەتی ئەنـدامانی یەکێتیەکـە لـە مەیدانـەکانی یاسـادانان و ڕۆشـنبیری و زانـستی لـە خزمـەتی دەزگاکـانی هەرێمـدا، پێویـستی بـەوە کـرد کـە یـەکێتی پەرلـەمانتارانی کوردستان دابمەزرێ، هاوشێوەی ئەو یەکێتییانەی کە لەبەشی زۆری دەوڵەتەکانی جیهانی شارستاندا هـەن، بۆئەوەی ببێتە سەکۆیەکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان پەرلـەمانتارانی کوردسـتان و عێـراق و جیهان، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com